## حەڤدە هۆ بۆ کتێبی منداڵان

1 - کتێب سەرگەرمی و جۆش و خرۆشمان پێدەدات، دەمانخاتە پێکەنین و گریان و دەتوانێت دڵنەوایمان بداتەوەو دەرفەتی نوێمان نیشان بدات.

2 - کتێب یارمەتیمان دەدات بۆ گەشەپێکردنی زمان و فەرهەنگ مان.

3 - کتێب فەنتازی و خەیاڵمان دەووروژێنێ وە مەشقی خوڵقاندنی وێنەی خەیاڵیمان پێدەکات.

4 - کتێب وامان لێدەکات پرسیاری نوێمان لا دروست بێت سەبارەت بەو شتانەی کە جێ ی بایەخمانەو وامان لێدەکات بیر لە شتی نوێتر بکەینەوە.

5 - کتێب گەشە بە هۆشمان دەدات. زاراوەو بۆچوونی تازەمان پێدەدات، تێگەیشتنمان بۆ دنیا بەرەو پێشەوە دەبات.

6 - کتێب زانیاریمان پێدەدات دەربارەی وولاتانی تر و جۆری تری ژیان، دەربارەی سروشت، تەکنەلۆجیا، مێژوو و هەرشتێکی تر کە بە خەیاڵی مرۆڤدا بێت و حەزبکات زیاتر دەربارەی بزانێ.

7 - کتێب مەشق بە توانای هاوخەمی مان دەکات. فێری ئەوەمان دەکات کە چۆن بتوانین لە بارودۆخ و سۆزی کەسانی تر تێبگەین.

8 - کتێب وامان لێدەکات کە لە ڕاست و نادروست، خۆشی و ناخۆسی ووردببینەوە.

9 - کتێب دەتوانێت ڕاستیەکانمان بۆ ڕوونباکاتەوەو یارمەتیمان بدات تا بتوانین تێبگەین کە چۆن پارچەکانی دنیا پێکەوە هاوبەستن.

10 -کتێب نیشانمان دەدات کە مەرج نییە هەموو پرسیارێک تەنها یەک وەڵامی هەبێت، وە دەتوانرێت لە گۆشەی جیاجیاوە سەیری شتەکان بکرێت.

11 -کتێب یارمەتیمان دەدات کە لە خۆمان تێبگەین. ڕێز لە خۆ نانمان بەهێزتر دەکات، بۆمان دەردەکەوێ کە کەسانێکی تریش هەیە کە هەمان بۆچوون و بیرکردنەوەی وەکو ئێمەی هەیە.

12 -کتێب یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی تێبگەین کە لە هەمان کاتدا جیاوازی لە نێوانماندا هەیە. خۆێندنەوەی کتێبی نوسەری جۆراو جۆرو سەردەم و کولتوری جودا فێری سنگ فراوانی و لە دەمارگیری دورمان دەخاتەوە.

13 -کتێب هاودەمە کاتێ هەست بە تەنهایی دەکەین، هەڵگرتنی ئاسانەو دەتوانین لە هەموو جێگایەک بیخوێنینەوە. مرۆڤ دەتوانێت بە بەلاش لە کتێبخانە قەرزی بکات.

14 -کتێب بەشیکە لە میراتی کولتوری. ئەمە ئەزمونێکی هاوبەشی خوێندنەوەو تێگەیشتنمان پیدەدات.

15 -کتێبێکی چاکی منداڵان دەتوانرێت بە دەنگی بەرز بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی هەم گەورەو هەم منداڵ چێژی لێ ببینێت. ئەمە دەبێتە پردێک کە نەوەکان پێکەوە دەبەستێتەوە.

16 -کتێبی منداڵان بواری کار بۆ کەسانێکی زۆر دەخوڵقێنێت: نوسەر، وێنەکێش، سەرنوسەر، چاپکەر، شێوەکێش، ڕاستکەرەوەی نوسین، وێنەگر، کارمەندی کتێبخانە، کارمەندانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە کتێبفرۆش. ئەمە دەبێتە دەوڵەمەندکردنی ژیانی کولتوری و کاڵایەکی کولتوری گرنگە کە دەتوانرێت بۆ دەرەوەی ووڵات بنێردرێت و وولاتەکەمان بە کەسانی تر بناسێنێت.

17 -کتێبی منداڵ یەکەم ئەزمونە لەگەڵ ئەدەب (وێژە) دا- دنیایەکی بێ سنورو هەتا هەتاییە.